# نامەیەکی کراوە بۆ کاک ئەرسەلان بایزو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەکوردستانی نوێی ژمارە(4486)ی ڕۆژی 2008/2/2و لەشوێن و جیاتی سەرووتار، بابەتێکی کاک ئەرسەلان بایز لەژێرناوی( ڕەخنەش بەبازنەی خۆی) بڵاوکراوەتەوە. کە لەبەشێکی قسەکانیدا ئەڵێت : " ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستاندا، هیچ جۆرە سانسۆرێك لەسەر حزبایەتی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کۆڕو کۆبونەوەو سمینارەکان نیە(ئەگەر لەکارەکانیاندا پەنا نەبەنە بەر چەك)".

کاك ئەرسەلان ڕستەی نەبوونی "هیچ جۆرە سانسۆرێك"ی بەحۆرێك توّخ کردۆتەوە وەك بڵێیت کوردستان وەك سویدو ئەمریکا وایەو ئازادی ڕادەبڕین هەیەو لەسەر ئیختلافاتی سیاسی نەك هەر هیچ کەس لەگوڵ کاڵتری پێناوترێت، بەڵکو ئازادی هەڵسوڕان و بیروڕای پێشێل ناکرێت. بەڵام ئەم قسەیە تەواو پێچەوانەیەو سانسۆر بەمانای ووشەکە هەیە، ئازادی پێشێل ئەکرێت و دەزگای گەورەو خاوەن پارەو توندڕەوو نا شارستانیش دیاریکراوەو دانراوە بۆ چاودێری و ئیدامەدان بە پێشێلکاری، زیندانەکانی ئاسایش گەواهی لەسەر ئەو حەقیقەتە ئەدەن. ئەگەر ئەڵێیت وانیە، بڕو لە بەرپرسەکان بپرسە، یان لە سایتەکاندا( search)ێك بکەن و بزانن ئاسایشەکەی حزبەکەتان و ئەوەکەی پارتی دیموکراتی براتان خەبەری چیەو چی ئەکات؟ هەرکەسێك لەسەر هەر داوایەکی بەرهەقی خۆی هاتبێتە دەنگ خێرا دەمکوتتان کردوە، لەهەڵەبجە، لەکەلار، لەئاکری و لەدهۆك، لەسلێمانی و لەهەولێر، زانکۆکان، خوێندکاران...هتد. تەقەتان لەخۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵك نەکردوە؟ حزبی سیاسی و ڕۆژنامەو گۆڤارتان لەسەر جیاوازی بیروڕا دانەخستوە؟ بەقانونەکانی سەردەمی بەعسیش ڕۆژانە نوسەران و ڕۆژنامەنوسانتان هەراسان کردوەو هەر بەدەم ڕێگای مەحکەمەکەتانەوەن. من تەنها پرسیاری هۆکاری بەنایاسایی لەقەڵمدانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقتان لێدەکەم، هۆکارەکەی چی بوو؟ بۆچی ڕۆژنامەکانی (بۆپێشەوەو یەکسانی)تان داخست؟ بۆچی بارەگای سەنتەری بەرگری لەمافەکانی ژنان و مناڵانتان داخست؟ بۆچی ڕادیۆی حزبی کۆمۆنیستتان داخست؟ بۆچی لەسەر جیاوازی بۆچوون پێنج کۆمۆنیستتان بەڕۆژی نیوەڕۆ کوشت؟ ئێمە پەنامان بردبووە بەر چەك؟ باسی کۆڕو کۆبونەوەو سمینار ئەکەیت، ئەرشیفی پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆتان هەڵەنەوەو بزانن چ خەبەرە؟ ئێوە شتێك خێری خۆتانی تیا نەبوبێت ڕێگاتان لە ئەنجامدانی گرتووە. ئەوە لێگەڕێ، بەڵام بەر لە دووهەفتە ڕێگاتان لە ئەنجامدانی مەراسیمێك گرت بۆ یادی مەرگی لینین، ئاگادار هەن؟ کاتێکیش دێنە سەر باسی مێژووتان باس لە مارکسی-لینینی بوونی ئەوکاتی خۆتانمان بۆئەکەن. ئەوکات ڕاستتان ئەکرد یان ئێستا؟ ئەگەر کردەوەی ئێستاتان دروستە ئەوا ناچارمان مەکەن بە ڕێزدانان بۆ کاری "چەوت"ی ئەوساتان. ئەگەر ئەوساش ڕاستگۆبوون، ئەوا داکۆکی لە چەوتی و ناحەقیەکانی ئەمڕۆتان مەکەن و ناوی خۆتان و حزبەکەتان و مێژووی 17ساڵی ڕابردووی حاکمیەتتان لەکوردستان لەپەنای خەباتی ئازادیخوازان و خەڵك دەربکێشن.

زۆر لەسەر ئەزمون ئەدوێن و شانازی پێوەئەکەن، ئەڵێن" ..ئەم ئەزمونە سەروەریەکی گەورەی میلەتەکەمانە..". کام سەروەری؟ ئاومان تێکەڵ بە زێرابە، کارەبامان لەشەوڕۆژێکدا (10دەقیقە)یە، نرخی نەوتتان دووبەرابەر کردوە، جادەوبان قوڕوچڵپاوە، شارەکەشمان لەسایەی حاکمیەتی ئێوەدا لە لادێیەکی ناخۆش ئەچێت، پەنجە ڕاوەشانێکی مالیکی و جەعفەری یان چاوسوورکردنەوەیەکی سەدرو دلێمی و شەهرستانی تەواوی دبلۆماسیەتتان ئەخاتە ژێر سەد پرسیارەوە. یان پێمان بڵێن کامەیە ئەزمونەکەتان؟ ئیدارەتان باشە؟ یاسای مۆدێرن و مەدەنیتان لەجێگای یاساکانی بەعس دانا؟ خزمەتگوزاریتان گەیاندوەتە خەڵك؟ مانگانەی موچەخۆرانتان وا لێکردوە کە خەمی نانیان نەمێنێت؟ گەندەڵیتان بنەبڕ کردو دزو تاڵانچەکانتان دایە دادگا؟ سوتەمەنی دابین ئەکەن بۆ خەڵك؟ کارەباتان کردۆتە پەندی زەمانە؟ ئەزمونتان بەئەندازەی ئەزمونی خاوەن مۆلیدەیەکی ڕاستگۆ لەلای خەڵك جێگای تەقدیر نیە. ئێوە ئەزمونتان ڕەشە، تاڵە، پڕیەتی لەتاوان، نەك هەر کەس چاوتان لێناکات، بەڵکو وەك نمونەیەکی خراپ دەوترێتەوە. ئاخر لەسەر پارەو دەسەڵات شەڕی ناوخۆتان بەرپا نەکرد، پێشلەشکریتان بۆ سوپاکانی ئێران و تورکیاو بەعس نەکرد؟ داهات و ئیمکانیەتەکانی کۆمەڵگاتان تێکڕا بۆخۆتان نەبرد؟ ملیاردێرەکانی ئەمڕۆتان بەرلەڕاپەڕین خاوەنی چەند ولاخ بوون بۆ گواستنەوەی کوّڵەپشتەکانیان؟ ئاخر ئەو هەموو سەروەتەتان لەکوێ هێنا؟ هەموو حکمەتی سیاسیشتان ئەوەندەیە کە لەهەموو ئاستەکاندا توشی قەیران هاتوون. یەك ڕێگای مانەوە لەبەردەمتاندا ماوەتەوە ئەویش کۆتایی هێنانە بە ڕاو ڕووت و گەندەڵی و وەڵامدانەوەیە بەخواستەکانی خەڵك.
هیوادارم ئەو کارە بکەن.

**زمناکۆ عزیز**

**سکرتێری ڕێکخراوی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق 2008/2/6**